مامۆستا کرێکار



# یادی بەدر

# یادی بەدر

مامۆستا کرێکار

# یــادی بـــەدر

وتاری: مامۆستا کرێکار

نووسینەوەی: زانکۆی زادی

ساڵی: ٢٠٢٠ز-١٤٤١ك

زانکۆی ئازادی دراساتی ئیسلامی زادی

ماڵپەری زادی

www.zadyreman.com

فەیسبووك

www.fb.com/zadyreman

تویتەر

twitter.com/zadyreman

ئیمەیل

Zadyreman@gmail.com

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إن الحَمْـدَ لله نَحمَـدُهُ وَنَسْـتَعينُهُ ونَسْـتَغْفِرُهُ، وَنَعُـوذُ بِـالله مِـنْ شُرُورِ شُرُورِ أنْفُسنا وَمِنْ سَـيِّئات أعْمَالنـا، مَـنْ يَهْـدِه اللهُ فَـلا مُضِـلَّ لَـهُ، وَمَـنْ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أنْ لَا إِلَهَ إِلَّا الـلّه وَأَشـهَدُ أنَّ مُحَمَّـداً مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢ ﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾ النساء: ١

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾ الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أَمَّـا بَعْـدُ:فَإِنَّ أَصْـدَقَ الحَـديث كِتـابُ اللهِ، وَخَـيرَ الهَـدِي هَـدْيُ مُحَمَّـدٍ مُحَمَّد صَلَى اللّهُ عَلَيْه وَسَلَم
وَشَرَّ الْأُمورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةِ ضَلالَةٌ، وَكُـلَّ ضَـلالَةِ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةِ فِي النَّارِ.

## پێشەکی:

بسم اللّٰه الرّحمن الرّحيم

له زۆربەی ساڵەکانی رابردوودا هەر کات کە رۆژی حەڤدەی رەمەزان هاتووەتە پێشەوە جەنابی مامۆستا کرێکار –خوای گەورە لە زیندانی تاغووتان رزگاری بکات- یادی ئەم رۆژەی بە باس کردنی غەزای «بەدر» بەرز و گەورە راگرتووە بۆ ئەوەی زیاتر موسوڵمانان بەرە جیهادەکە تەشجیع بکات و بۆیان روون بکاتەوە کە سەرکەوتنی ئیمانداران تەنیا لە دەستی بەتوانای پەروەردگاردایەو توێشەی تەقواکاری و نەترسی و وزەبەرزی ئەوێت. مامۆستا هەموو ساڵێک لە یادی بەدردا زیاتر لە جاران دەرسی جیهاد و ئازایەتیمان فێر ئەکات و بە باس کردنی ئایەتە پیرۆزەکانی سوورەتی ئەنفال دڵەکانمان ئەجووڵێنێت. تەسویرەکانی مامۆستا لە

یادی بەدر ئەوەندە جوان و تیژ و تۆخن کە بیسەر هەست ئەکات خۆی بە چاوی خۆی دیمەنەکان ئەبینێت. ئەگەر چی جەنابی مامۆستا رەمەزانی ساڵی ٢٠١٧ەی بە باسی چیرۆکی سەیدنا مووسا –دروودی خوای لە سەر بێت- ئیختیساس دابوو بەڵام لە رۆژی حەڤدەی مانگا هەروەکوو جاران باسی یادی بەدری کرد و لە رۆژی ١٨ەدا درێژەی دایە باسی چیرۆکی سەیدنا مووسا. ئەم نامیلەکەیەی بەردەست باسی یادی بەدری هەمان ساڵە کە بە پشتیوانی خوای گەورەو بە ئیزنی خودی مامۆستا ویدیۆکەیمان کردووەتە نووسراوەو پێشکەشی ئەکەین. لە خوای گەورەو بێ هاوتا ئەپاڕێینەوە بیکاتە مایەی خێر بۆ هەموو ئیمانداران و هۆیەک بۆ زیندوو بوونەوەی رووحی جیهاد لە ناو موسوڵمانانی کوردستاندا. هەروەها دەستی پاڕانەوە بەرەو دەرگای پەروەردگار بەرز ئەکەینەوە کە مامۆستای ئازیز و نەبەزمان لە زیندانی تاغووتان و دڵچڵکنان رزگار بکات؛ ئامین.

# یادی بەدر

یادی بەدرە یادی رۆژێکی زۆر مێژووییە، رۆژی رووداوێک کە مەجرای رێڕەوی مێژووی گۆڕی، موسوڵمانان و یاوەرانی پێغەمبەری خوا – علیە الصلاة والسلام-خۆیان کۆ کردەوە بۆ ئەوەی بچنە سەر کاروانێک، کاروانی قورەیش کە لە شامەوە ئەهاتەوە بەرەو مەککە هەزار حۆشتر و سی بۆ چل پیاوی لەگەڵا بوو، سەروەت و سامانی زۆری قورەیشی تیا بوو؛ تەنانەت ئەڵێنماڵی دەوڵەمەند نەمابوو کە بارێکی لەو حۆشترانە نەبووبێت پێغەمبەری خوا – علیە الصلاة والسلام- هەواڵەکەی پێ گەیشت وەکوو ئەبوو ئەییوبی ئەنساری- خوای لێ رازی بێت - ئەگێڕێتەوەو ئەفەرموێت کە هەواڵەکە گەیشت بە پێغەمبەری خوا – علیە الصلاة والسلام-فەرمووی با بڕۆین خوای گەورە وەعدی یەکێک لە دوو سەرکەوتنی پێ بەخشیوم را نەوەستا هەتاکوو

هەندێک سەحابە ئەسپەکانیان ئەهێننەوە لە دەشت و دەر؛ کە رێ کەوتن دوو ئەسپ و حەفتا حۆشتریان پێ بوو ژمارەیان ٣١٤ بۆ ٣١٧ کەس بوو رۆیشتنە دەرەوە لە شار تاوەکوو بتوانن رێگا لە کاروانەکە بگرن. کە پێغەمبەری‌خوا - علیه الصلاة والسلام-نزیکی بەدر بوویەوە دوو کەسی نارد سوراغی ئەو ناوچەیەی بۆ بگرن و دوو کەسەکە گەڕانەوە، لەو سەریشۆ ئەبووسوفیان کابراییێکی بە کرێ گرتبوو کە هەواڵی ئەو ناوچەیەی بداتێ کابرا گەڕایەوە بۆ لای ئەبووسوفیان و وتی بەس دوو کەسم بینی هاتن لەو بیرانە ئاویان هەڵگرت و رۆیشتن. ئەبووسوفیان شارەزا بوو یەکسەر رۆیشتە شوێنی دوو کەسەکەو حۆشترەکانیان، پشقڵی حۆشترەکانی شکاند و یەکسەر وتی ئەمانە لە مەدینەوە هاتوون و هی موحەممەدن! ئەو کاتە یەکسەر رێگای کاروانەکەی هەموو گۆڕی رۆیشت بەرەو دەریای سوور و بە کەناری دەریای سوورا تێپەڕ بوون و رۆیشتن،

یەکێکیشی بە کرێ گرت کە ناوی زەمزەمی غیفاریە کە بڕواتەوە بۆ ناو مەککە و هاوار بکات. زەمزەمی غیفاری دەنگی زل بوو، لووتی حۆشترەکەی بریندار کرد وەکوو ئەتک کردن و هاواری کرد لە خەڵکەکە و وتی: وەرن بگەنە فریای کاروانەکەتان سەروەت و سامانتان موحەممەد هەمووی برد؛ ئاگایشی لێ نیە لەو لاوە ئەبووسوفیان کاروانی رزگار کردووە! قوڕەیشیش هەموو ئیسارە بوون و زۆر تووڕەییان نواند! لەوە کە موحەممەد –علیە الصلاة والسلام- گەیشتووەتە ئەو حاڵەتەی کە بێتە سەر کاروانەکەیان و ڕێگای شامیان لێ بگرێت لە بەر ئەوە هەموو خۆیان کۆ کردەوە. جا هەموو ماڵێک ئەبوایێ نەفەرێک بنێرێت یان ئەبوایێ یەکێک بە کرێ بگرێت و بینێرێت بەم شێوەیە ئەوانیش هەزار وسیانزە تا هەزار و چواردە کەس هاتنە دەرەوە بۆ شەڕ، هەموویان سوارە بوون و حۆشتری زیادەیشیان پێ بوو، ڕۆژی نۆ بۆ دە حۆشتریان سەر ئەبڕی و ئەیانخوارد؛ جگە لەوە هەر دوو کەس

حۆشترێکیان هەڵگرتبوو واتە حۆشترێکی زیادە بۆ ئەوەی کە کەل و پەل و تفاقی شەڕیان بۆ هەڵ بگرێت. ساحەیێکی موهیممەو رووداوێکی سەرسووڕهێنەر ئێستا روو ئەدات! لە لایێکەوە پێغەمبەری خوا – علیه الصلاة والسلام - ٣١٤ کەسی لە خزمەتەیا و هاتوون بۆ ئەو کاروانە؛ هەواڵیشیان هەیە کە کاروانەکە سی بۆ چل کەسی لەگەڵا بێت! لەو لایشەوە هەزار و قوسوور کەس بە هەموو تفاقی شەڕ و بە ئیرادەو پلانی شەڕەوە هاتوون بۆ رووبەڕوو بوونەوە! پێغەمبەری‌خوا – علیه الصلاة والسلام - کە زانی کاروانەکە لە دەست دەرچوو پرسی بە سەحابیە بەڕێزەکان کرد؛ فەرمووی: راتان بە چیە؟ ئەبووبەکری سددیق هەستا و قسەی جوانی کرد و فەرمووی لەگەڵتین و لە خزمەتتاین. سەیدنا عومەر فەرمووی هەرچی جەنابت رەئیت لە سەرە رەئیمان لە سەریەتی. پاشان میقدادی کوڕی ئەسوەد هەڵسا و فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر ئەمر بفەرمووی تا

بەرکەلغەماد کە لە یەمەنە بە شەڕە شمشێر لە خزمەتتا ئەڕۆین! دوایی هەر فەرمووی: خەبەرم بدەنێ راتان چیە؟ ئەوجا سەعدی کوڕی موعاز هەستا کە لە ئەنساریەکان وخەزرەج بوو، فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا وەڵاهی ئێمە لە خزمەتتاین و ئەگەر لە ناو بەحرا بمانبەی تەڕەددودی لێ ناکەین و دوودڵی و ڕاڕایی ناکەین و دێین لە خزمەتتا! پێغەمبەری خوا – علیه الصلاة والسلام- زۆری پێ خۆش بوو موژدەی دانێ کە خوای پەروەردگار موژدە و وەعدی داوەتێ کە یەکێک لە دوو شتەکەی تووش ئەبێت لەو دوو بەرهەمە چاکە؛ یان دەست گرتن بە سەر کاروانەکەیا یان سەرکەوتن بە سەر ئەو لەشکرەیا کە لە مەککەوە هاتووە! بەڵام هەندێک لە سەحابیەکان دڵنیگەران بوون، لە بەرئەوەی ئەوان لە ئەسڵدا بۆ ئەوە هاتبوونە دەرەوە کە بڕۆن بۆ کاروانەکە بۆیە تفاقی شەڕیان بەو شێوەیە نەهێنابوو و ئامادەی ئەو شەڕەیش نەبوون کە بووە بە تووشیانەوە، هەزار و قوسوور کەس بە

حێقد و قینێکی زۆرەوە هاتوون و هەتاکوو ئەم ساتە وەختەیش هەر قورەیش باڵادەست بووەو هەر موسوڵمانی چەوساندووەتەوە! ئێستا ئەم ٣١٤ موسوڵمانە نەدارە رووبەرووی ئەم قووەتە گەورەیە ئەبنەوە کە بۆ شەڕیش هاتوون لە کاتێکدا ئەمان بۆ شەڕ نەهاتوون! پێغەمبەری خوا – علیه الصلاة والسلام - لە نزیکی یەکەمین کانیاوی بەدرەوە وەستابوو مونزیر پێی فەرموو: ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە شوێنێکە کە خوای گەورە فەرموویەتی لێرە بین یا ئەمە نەخشەدانانی جەنگە و ئەشێ بیگۆڕین؟ فەرمووی ئەشێ بیگۆڕین! ئیجا مونزیر فەرمووی: ئێمە با بچینە ئەووەڵ کانی، ئەووەڵ بیری بەدر و ئەمانی کە پڕ ئەکەینەوە بۆ ئەوەی ئێمە ئاو لە دەستمانا بێت بەڵام ئەوان ئاویان نەبێت و هیچیان دەس نەکەوێت! وایان کرد و پشتیشیان کردە خۆر بۆ ئەوەی جیسمیان گەورەتر دەرچێت؛ ئەمان کە لێرەوە هوجووم دێنن بچووک دیار ئەبن و ئەوان گەورە دیار ئەبن بە حوکمی تیشکی خۆرەکە!

ئینجا خوای پەروەردگاریش لە سورەتی ئەنفالا باس لەوە ئەکات کە چۆن هەموو ئامادە کردنەکەی جەنگەکە لە لایەن خۆیەوە بووە؛ خوای گەورە ئەفەرمویٚ:

«كَمَا أَخْرَجَكَ رَبُّكَ مِن بَيْتِكَ بِالْحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقاً مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ لَكَارِهُونَ» [الأنفال: ٥]. « أَخْرَجَكَ رَبُّكَ مِن بَيْتِكَ بِالْحَقِّ »: خوای پەروەردگار تۆی لە ماڵەوە هێناوەتە دەرەوە؛ گومانی تیا نیە ئەمە حەققەو ئیرادەی خوای پەروەردگارە، مەشیئەتی ئەوە، فەرمانی پیٚ کردووی و ئیرادەی وابوو کە تۆ بێیتە دەرەوە لە ماڵەوە. بە حەققیش ناردووتی. « وَإِنَّ فَرِيقاً مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ لَكَارِهُونَ»: کۆمەڵێک لە موسوڵمانان حەزیان بەمە نەئەکرد چۆنکە ئەیانبینی حاڵەتەکە حاڵەتێکی خراپە؛ وەرەی بەرزی ئەوێت! جا لێرەیا خوای پەروەردگار وەکوو گلەیی کردن گلەییان لیٚ ئەکات؛ بۆیە ئاوا بۆیشیان روون ئەکاتەوە کە هەموو زەمینەی رووبەڕوو بوونەوەکە من خۆم ئامادەی ئەکەم وەعدی

سەرکەوتنەکەیشم بە پێغەمبەرەکەتان داوە؛ ئیتر یەعنی چی: « وَإِنَّ فَرِيقاً مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ لَكَارِهُونَ»؟! «كَارِهُونَ» یەعنی حەزیان نەئەکرد.

« يُجَادِلُونَكَ فِي الْحَقِّ بَعْدَ مَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى الْمَوْتِ وَهُمْ يَنظُرُونَ» [الأنفال: ٦]. « يُجَادِلُونَكَ فِي الْحَقِّ بَعْدَ مَا تَبَيَّنَ»: سبحان اللّٰه! دوای ئەوەی کە حەق روون بوەتەوە موناقەشەت لەگەڵ ئەکەن!! چۆنکە ئەم پیاوە بەڕێزانە نەیانەویست بچنە مەیدانەکەوە. «كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى الْمَوْتِ وَهُمْ يَنظُرُونَ»: خوای‌پەروەردگار لێرەیا ئاوا تەسویری ئەکات: ئەمانە هەر ئەڵێی سەوق ئەکرێن یەعنی پێش خۆ دراون و بەرەو مردن ئەبرێن و ئاوا ئەڕوانن لە مردنەکە! كأنّما ریزە مەڕێک وەستاوەو یەک‌یەک رفیقەکانیان سەر ئەبڕێن ئەمانیش ئەبێ هەر بڕۆن وچانێکی تریان نیە بەم شێوەیە بۆمان تەسویر ئەکات!

« وَإِذْ يَعِدُكُمُ اللّهُ إِحْدَى الطَّائِفَتِيْنِ أَنَّهَا لَكُمْ وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ الشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ وَيُرِيدُ اللّهُ أَن يُحِقَّ الحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَيَقْطَعَ دَابِرَ الْكَافِرِينَ» [الأنفال: ٧]. «وَإِذْ يَعِدُكُمُ اللّهُ إِحْدَى الطَّائِفَتِيْنِ أَنَّهَا لَكُمْ»: خوای پەروەردگار وەعدی یەکێک لە دوو تائیفەکەی پێداون کە هەر ئەبێ بۆ ئێوە بێت و بە نسیبتان ئەبێت؛ یان سەرکەوتن بە سەر لەشکرەکەیا یا کاروانەکە. « وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ الشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ»: بەڵام ئێوە ئەتانەوێت ئەوەی کە دڕک و داڵی پێوە نیە، ئەوەی نووکە شەمشێری پێوە نیە، ئەوەی بێ ئەزیەتە دەستان کەوێت! ئێوە ئەتانەوێت کاروانەکەتان دەس کەوێت! جا سەیری ئیرادەی ئینسان بکە و سەیری ئیرادەی خوای پەروەردگاریش بکە؛ تۆی موسوڵمان شتێکت ئەوێت بەڵام خوای پەروەردگار قەدەری خۆی غاڵبە، قەدەری خۆی زاڵە بە سەرتا، ئێمە وەکوو موسوڵمانان ئەمانەوێت ئەم بار و دۆخە بەرەو چاکتر بڕوات و موسوڵمانان ئەوەندە زەلیل نەبن بەڵام خوای پەروەردگار ئیرادەیێکی تری ئەوێت لە

ئێمە، ئەیەوێت خەڵکێک لە موعاناتا گەورە ببن، خەڵکێک ئەم عەقیدەیان لە لا بچەسپێت، ئایا ئێمە وا رەفتار لەگەڵ ئەو قورئانەیا ئەکەین کە وەحیی خوای گەورەیە، کە گەورەترە لە حەقیقەتەکانی گەردوون وەکوو تۆ چۆن سەیری ئەو شاخە ئەکەی ئایا ئەم وەحیەیش وەکوو ئەو ئەبینی؟! خۆ ئەگەر وەکوو ئەویشی ببینی هەر نابێت! چۆنکە ئەو شاخە فەوتاوە، ئەو شاخە ئەزەلی نیە ئەبەدی نیە بەڵام ئەمە کەلامی خوای پەروەردگارەو هیچ شتێک لە گەردوونا وەکوو ئەم نیە! ئایا تۆ ئەم حەقیقەتەت ئاوا لە لا چەسپاوە کە خوای پەروەردگار ئاوا ئەفەرموێت؟ ئەبێ لە لامان ئاوا بچەسپێت، ئاوا ئەتوانین ببینە ئیرادەی گۆڕانکاری واتە ئەداتی قەدەری خوای پەروەردگار.

« وَيُرِيدُ اللّٰهُ أَن يُحِقَّ الحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ»: بەڵام خوای پەروەردگار ئەیەوێت حەق بسەلمێنێ و بچەسپێنێ. «

وَيَقْطَعَ دَابِرَ الْكَافِرِينَ»: كافرانيش ريشەكێش بكات. دەی چۆن ريشەكێشيان ئەكات ئەگەر ئێوە ئيرادەتان وا شل بێت؟ چۆن كافران ريشەكێش ئەكرێن ئەگەر ئێوە وا بێ‌هێز و لاواز و پەرتەوازە و ترسەنۆک و ورەڕووخاو بن؟ دەی خۆ خوای پەروەردگار هەر بە موسوڵمانان ئەيڕووخێنێت: « إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ » [محمّد: ٧]؛ « ئەگەر ئێوە خوای گەورە سەربخەن خوای گەورەيش ئێوە سەر ئەخات» ئێوە خوای گەورە سەر نەخن چۆن ئەتانەوێت كوفر و ئيلحاد و بێ دينی لە وڵاتی خۆتانا وە دەر نێن و پاشان ئێوە ببن بە خاوەن ئيمكانات و دەسەڵات؟ چۆن ئەتوانن؟ چۆن ئەبن بەوە؟ ئەمە شتێكی ئەستەمە!

« لِيُحِقَّ الْحَقَّ وَيُبْطِلَ الْبَاطِلَ وَلَوْ كَرِهَ الْمُجْرِمُونَ» [الأنفال: ٨]: خوای پەروەردگار ديسان تيكراری ئەكاتەوە كە ئەم وەزعە كە بە ئيرادەی خۆی ئەيسووڕێنێت ، ئەم ڕووداوە

کە سازی ئەکات ئەم زەمینە و ئەو بار و دۆخ و کێشە کە دروستی ئەکات بۆ ئەوەیە کە ئیحقاقی حەق بکات، کە حەق بسەلمێنێ و بچەسپێنێ ئەگەرچی کافرەکان پێیان ناخۆشە، موجریم و تاوانباران و تاوانکاران پێیان ناخۆشە بەڵام خوای پەروەردگار ئەیەوێت و ئیرادەی وایە کە ئەمە بەم شێوەیە بێنێتە پێشەوە. جا سەیری بکەن برایان و خوشکانی بەڕێزم خوای پەروەردگار چۆن ئەم وەزعەی دروست کرد بۆ ئەو سەحابیە بەڕێزانەو چەنەی دەرس تێدایە بۆ ئێمە! هەندێ لەو دەرسانە ئەمانەن:

یەکەم ئەوەیە کە شوێنەکەی هەڵبژاردووە: «إِذْ أَنتُم بِالْعُدْوَةِ الدُّنْيَا وَهُم بِالْعُدْوَةِ الْقُصْوَى وَالرَّكْبُ أَسْفَلَ مِنكُمْ» [الأنفال: ٤٢]؛ سەرەتا شوێنەکەو ئینجا زەمەنەکەیش هەر خوای پەروەردگار بۆی ئیختیار کردوون بەو شێوەیە کە موسوڵمانان دێن و ئەوانیش لەوێوە دێن و ئەگەنە ئەو شوێنە پاشان حاڵەتە نەفسیەکانیشی وا دروست کردووە

کە ئێوە سەیری ئەوان ئەکەن بە کەم ئەیانبینن، ئەوان سەیری ئێوە ئەکەن بە زۆر ئەتانبینن و هەردووکی لە قازانجی ئێوەیە، هەردووکی مایەی سەرکەوتنە! تۆ وەختێک وا ئەزانی خۆتان زۆرن و بە قووەتن و دوژمنەکەتان کەمە ئازاتر ئەبی بۆ ئەوەی کە بە سەریانا سەر بکەوی، وەختێک ئەوان تۆ ئەبینن زۆرتری ورەیان ئەڕووخێت کە وابوو ئەوان ناتوانن ئەو شەڕە بکەن کە یەکەم جار وا پلانیان بۆ دانابوو. ئێستا قووەتەکان بەرانبەری یەک وەستاون؛ ٣١٤ کەس بۆ ١٠١٣ کەس تا ١٠١٥ یا ١٠٢٠ ! هەریەک نەفەر موسوڵمان لانی کەم سێ کەسی بەر ئەکەوێت لە هێزی بەرانبەر؛ ئەم بێ تفاقە ئەو تفاقی شەڕی بە کاملی پێیە، ئەم بۆ کاروان هاتووە ئەو بۆ شەڕ هاتوە، ئەم زادی کەمە خواردنی کەم پێیە ئەو خواردنی چەندین رۆژی هێناوە! چۆنکە ئەبوو سوفیان جوابی بۆ ناردن کە بگەڕێنەوە کاروانەکە بە سەلامەت دەرچووە، بەڵام ئەبوجەهل کە سەرکردایەتی جەنگەکەی

ئەکرد وتی نابێ بگەڕێینەوە ئەبێ بیشرۆینە ئەوێ لە کانیاوەکانی بەدر سێ رۆژ ئەمێنینۆ لەوێ شەراب ئەخۆین، گۆرانی ئەڵێین، ئافرەتان رەقسمان بۆ ئەکەن هەتا هەموو عەرەب ئەزانێت و ئەبیستێت کە ئێمە بە جوامێری و ئازایەتی رۆیشتووین بۆ ئەوێ بەڵام خوای پەروەردگار ئاوا فەوتاندنی و ئەبوو جەهلیش یەکێکە لە فەوتاوەکان.

جگە لە ئایەتەکانی قورئان بە تایبەت سوورەتی ئەنفال ریوایەتەکانیش لە سەر باسی بەدر زۆرن؛ ئەگەر بمانەوێ هەمووی باس بکەین بە تەئکید پێویستی بە کاتێکی ئێجگار زۆرە! یاد و باسی بەدریش ئەوە نیە کە ساڵێک ئینتیزار بکەین تا حەڤدەی رەمەزان دێتەوە و یادی ئەو رۆژە بکەینەوە بەڵکوو ئەمە پێویستی بە زنجیرە دەرسێک هەیە کە زەرووری بوو ئامادەمان بکردایێ بەلام نەمانتوانی لە بەر مەشغەڵەتی تر؛ بۆیە پێویستە ئیهیتیمامی زۆرتری پێ بدەین چۆنکە ئەبێت بەدر لە

بەرچاوی هەموو موسوڵمانێک بێت بۆ ئەوەی بزانێت چ گۆڕانکارییەکی ریشەیی و گەورەی هێنایە مەیدان؛ نەک تەنیا بە سەر قوڕەیشا، نەک بە سەر وەزعی یاوەرەکانا بەڵکوو بە سەر جزیرەی عەرەبا بەرانبەر بە رۆم و فارس چۆنکە یەکەمین مواجەهەی گەورە بوو کە موسوڵمانان بە شێوەییێک بەڕانبەر ئەم ئەهلی کوفرە ئەیکەن؛ بۆ ئەوەی تەبەڕا ببن لە هێز و قووەتی خۆیان، دڵنیا ببن لەوەی کە بە هێزی خۆیان بە سەر ئەوانا سەر ناکەون! قووەتەکان رووبەڕووی یەک وەستاون و شەڕەکە هەر بە شمشێرە تۆ شمشێرێک ئەوەشێنی ئەو سێ شمشێر ئەوەشێنێت یان تیرە بۆت دێت یان رمە بۆت فڕێ ئەدرێت بەڵام تۆ هەر شمشێرێکت پێیە، رمێکت پێیە بەڵام ئەوان بە سێ ئامێری ترۆ بۆت هاتوون، سێ کەسیشن لە سێ لاوە دێن لە بەر ئەوە موواجهەی چەکەکان بەرابەر نەبوو، کەسەکان رووبەڕووی یەکتری بەرابەر نەبوون! ئەمان یەکەم

شەڕیانە و برسین بەڵام ئەوانە هەر لە شەڕا گەورە بوون؛ لەگەڵ ئەمەیشا دیسان بەرانبەر بە یەکتر بوونەتەوە.

چۆنکە ئێستا مەجالی ئەوە نیە هەموو ئایەتەکان تەفسیر بکەین

پێویستە چەن خاڵێکی گرنگ بخەینە روو، چەن شتێک سەیر ئەکەین:

خوای گەورە ئەفەرمویت: « وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ الشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ»؛ ئێوە ئەتانەوێت ئەوەیان کە موسالیمانەترە بەر دەستان کەوێت بەڵام خوای پەروەردگار ئەیەوێت ئیحقاقی حەق بکات؛ سەلماندن و چەسپاندنی حەق عیلاقەی بە ئیرادەی خوای پەروەردگارۆ هەیە نەک بە ئێوەوە بەڵێ ئێوەیش هەر لای خوای پەروەردگار عەزیزن بەڵام ئەوەی ئەو ئەیزانێت ئێوە نازانن: « وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ»، بۆیە ئەو بڕیاری خۆی دا هەر وەها ئەفەرموێت:« وَإِنَّ فَرِيقاً مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ لَكَارِهُونَ»! دەی مەفڕووز نەبو «كَارِه» بن،

مەفرووز نەبوو کە پێیان ناخۆش بێت چۆنکە وەعدەکەی خوای پەروەردگار دێتە دی، موژدەکەیش پێغەمبەری خوا - علیه الصلاة والسلام- پێی داون یەعنی مەعنای وایە ئەگەر بڕۆن بەرەو جەنگەکە داریشیان بە دەستەوە بێت هەر سەرکەوتنەکە بە دەست دێنن چۆنکە ئیرادەی شەڕەکە خوای پەروەردگار کردوویەتی و ئیدارەکەیشی خوای گەورە خۆی ئەیبات بە رێوە ئینجا سەیرەکەیش لەمەیە کە خوای پەروەردگار بە تەعەججوبۆ ئاوا ئەفەرموێت: « يُجَادِلُونَكَ فِي الْحَقِّ بَعْدَ مَا تَبَيَّنَ»! یەعنی دوای ئەوەی ئەم حەقەیش روون بووەوە کە خوای پەروەردگار ئێوەی هێناوە بە حەق، بۆ سەلماندن و چەسپاندنی حەق، ئێوەیش بوون بە ئەداتی قەدەری حەق کە خوای گەورە ئەیسەلمێنێت پێتان ئیتر ئێوە بۆچی دوودڵ بوون؟ بەڵام سروشتی ئینسان خۆی وایە ئەمەیش ئەبێت دەرسێک بێت لەوانەی کە وەری ئەگرین یەعنی بەوە نیە کە کابرا پەروەردە کراو هاتووەتە جیهادەکەوە ئیتر وا بزانی نابێت

شل و شێواو بێت یا نابێت را بکات، نابێت بترسێت نا عیلاقەی بە ئینفیعالی ئینسانەوە هەیە. خوای گەورە لە باسی ئوحودیشا ئەفەرموێت: «مِنكُم مَّن يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ الآخِرَةَ» [آل عمران: ١٥٢]؛ تیاتانایە دونیای ئەوێت و تیاتانایە ئاخیرەتی ئەوێت! کەوابوو لە سەردەمی ئێستای ئێمەیشا خەڵکێک کە دونیای بوێت و خەڵکێکی تر قیامەتی بوێت شتێکی سروشتیە کە ئەیبینین بەڵام ئەوەی کە عەیبەیە و نەقسە بۆ ئێمەی کوردی موسوڵمان ئەوەیە کە ئەوانەی دونیایان ئەوێت لە سەد نەوەد و هەشتن! ئەوانەی قیامەتیان ئەوێت لە سەد دوون، ئەوانەی ئەیانەوێت ئیحقاقی حەقەکە بکەن و حەق بسەلمێنن و بیچەسپێنن لە سەد دوون!! پاشان خوای گەورە لە بەرانبەری ئەوەی کە هەندێ لە موسوڵمانان ئەیانویست تووشی کێشە نەبن و بە ئاسانی نەجاتیان بێت یان پێیان ناخۆش بوو شەڕ بکەن لەگەڵ ئەوەی کە راستیەکانیان بۆ روون ببوویەوە باسی ئیحقاقی حەق ئەکات و ئەفەرموێ

که ئەمە مەتڵووبە: «وَإِذْ يَعِدُكُمُ اللّهُ إِحْدَى الطَّائِفَتِينِ»؛ لێرەیا خوای گەورە وەعدی پێ داون. ئینجا ئەفەرموێت:

«إِذْ يُغَشِّيكُمُ النُّعَاسَ أَمَنَةً مِّنْهُ»؛ سەیری ئەم چەن کەلیمە و ئوسلووب و بەلاغەی قورئان و حاڵەتەکە بکەن: « إِذْ يُغَشِّيكُمُ» یەعنی داتان ئەپۆشێت، « النُّعَاسَ»یەعنی وەنەوز دان، لەو کاتەی دوژمن بەرانبەرتانە و ئەو دوژمنەیشە کە بۆ شەڕ هاتووەو ساحەیێکی مەکشوفیشە و حەتمەن شەڕەکە روو ئەدات و هاتوون بۆتان و بەرانبەر یەکیش وەستاونەتەوە؛ ئا لەو کاتەیە: « إِذْ يُغَشِّيكُمُ النُّعَاسَ»! ئێستا لەم سەردەمەیا تۆپ هەیە ئەیتەقێنن بۆئەوەی بەرانبەرەکە خەوی لێ نەکەوێت، چۆنکە خەو لێ نەکەوتن جوزئێکە لە بەشی شەڕەکە! لێرە خوای گەورە ئەفەرموێت وەنەوزێک دای پۆشین: «أَمَنَةً مِّنْهُ»؛ «أَمَنَة» و «أمن» دوو وشەن و جیاوازیان هەیە؛«أمن» واتە ئەوەی هۆکاری مەترسی بوو نەماوە بەڵام «أَمَنَة» هۆکاری مەترسیەکە ماوە بەڵام

تووشی هێمنی و ئاسوودەیی و دڵنیایی بوون؛ بە چی؟! بەم داپۆشینە کە بە فەزڵی خوای گەورە بووە، بزانە چۆن ئیرادەی خوای پەروەردگار ئیدارەی جەنگەکە ئەبات بە ڕێوە! لە کاتێکدا ئێوە پێتان ناخۆش بوو، ڕێگا ئاسان و بێ دەردی سەرەکەتان ئەویست بەڵام لە بەرانبەرا خوای گەورە ئیحقاقی حەقی ئەوێت و بۆ ئەم مەبەستە ئەمانەتان پێ ئەبەخشێت! «وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّن السَّمَاء مَاء»؛ بارانیشتان بە سەرا ئەبارێنێت! ئەو بەر ئاوی نیە ئێوە ئاوی بیریشتان هەیەو بارانیشی بە سەرا باراندوون، لە سەحرایشن! نەمانی ئاو یەعنی مردن لە هەموو دونیایا لە هەموو شوێنێکا؛ بۆیە مەتارە و زەمزەمیان هەڵگرتووە لەگەڵ پێشمەرگە و عەسکەر و ئینجا دایمە تانکەری ئاو ( کە میرەی پێ ئەوترێت) بەشێکی ئەسڵیە لە خواردن و خواردنەوەی جوندیەکان، کە ئاو نەما جۆندیەکە خۆی ورەی ئەڕووخێت. بۆیە خوای گەورە فەرمووی: ئاویشتان بە سەرا ئەبارێنێتە خوارۆ. ئینجا ئەم ئاوە بۆچیە؟ شوێنەکە

ئەرزێکی فشەڵە، خوای گەورە ئەیەوێت لەم ئاستەی ئەمان ئەرزەکە رەق بکات چۆنکە ئەگەر ئێوە مولاحەزەتان کردبێت کاتێک لە ئەرزێکی لما ئەڕۆی، لە کەناری دەریاییێکا ئەڕۆی قاچت لم هەڵ ئەدات و شوێنەکەی چۆڵ ئەبێت لە بەر ئەوە کار و کاردانەوە لە سەر ئەرزێکی رەق ئەبێت، کە تۆ ئەڕۆی قاچت ناچێ بە چاڵا. «لِّيُطَهِّرَكُم بِهِ»: ئەوە بۆ ئەوەیە پاڵفتەتان بکات. هەندێک لەو سەحابە بەڕێزانە تووشی ئیحتیلام ببوون، ئینجا بەیانی ئەیانوت: ئەی باشە ئێمە ئاو نیە غوسڵ دەر بکەین ئەی چۆن بە لەشی پیسەوە خوای گەورە سەرکەوتنمان پێ ئەبەخشێت؟ ئێمە بەرانبەر کافرەکان وەستاوینەتۆ ئەوان پیسن، ئەی ئێمە کە پاکین چۆن خۆمان لەم شتە پاک کەینەوە؟ ئەو کاتە ئەحکامی تەیەمومیش نەهاتبووە خوارۆ؛ بۆیە خوای گەورە بارانی بۆ ناردن: « وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّن السَّمَاء مَاء لِّيُطَهِّرَكُم بِهِ وَيُذْهِبَ عَنكُمْ رِجْزَ الشَّيْطَانِ» بۆ ئەوەی ئەو وەسوەسەی شەیتانەتان لە دڵ دەرکات کە ئەڵێن ئەی ئێمە

چۆن سەر ئەکەوین ئەگەر لە حاڵەتی جەنابەتا بین؟ بەڵێ سەر ئەکەون، وەعدی خوای پەروەردگارە داویەتی. «وَلِيَرْبِطَ عَلَى قُلُوبِكُمْ وَيُثَبِّتَ بِهِ الأَقْدَامَ»؛ دڵیشتان بە قووەت ڕاگرێ و ورەتان بەرز کاتەوەو قاچیشتان لە سەر ئەرزێکی بە قووەتە کە ئیتر خەمی ئەوەتان نیە هێزەکەتان بە فیڕۆ بڕوات؛ ئاخر تۆ کە شمشێر بە دەست ئەوەشێنی قووەتی جەستەت ئەو هێزەی بە کارت هێناوە بە جەستەتا ئەڕواتە خوارەوە بۆ ژێر لمەکە بەڵام کە ئەرزەکە ڕەق بوو قووەتەکەت باشترەو چاکتر ئەتوانی، وەکوو تۆ چۆن قاچ لە دارێک گیر ئەکەیت لە بەردێک گیر ئەکەیت و پاڵ لە شتێکۆ ئەنێیت بۆ ئەوەی فیعل و ڕەددولفیعلەکە لێرە دروس ببێت لە سەر زەویەکە یا لە بەردەکە یا لە دارەکە قووەتەکەت بگەڕێتەوەو پاڵ بنێی بە ئەو شتەی کە پاڵی پێوە ئەنێیتۆ ئیزافە بێتۆ بۆ سەر ئەو. ئەمەیش هەروەهایە تۆ لەو کاتەیا کاتێک کە شمشێرەکە ئەوەشێنیت قاچت قایمە بە ئەرزەکەوە، بە ڕەددولفیعلەکەیش دیسان دێتۆ بۆ

قووەتی دەستت و بەهێزتر ئەبی و بەرانبەرەکت ناتوانیٚ وا بکات.

نیعمەتێکی تر کە خوای گەورە باسی ئەکات: « سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرَّعْبَ»؛ من ترس ئەخەمە دڵی دوژمنەکانۆ! ئێوە ئاوتان لیٚ گرتوون، باران بۆ ئێوەیەو بۆ ئەوان نیە ئەوان لە حاڵەتێکی تران وردە وردە خەریکی ورە روخانن، بەنی زوهرەیش گەڕایەوە لێیان کە سێسەد کەسی لەگەڵا بوو، بەنی زوهرە وتیان: ئێمە بۆ کاروان هاتووین، کە کاروان نەجاتی بووە بە سەلامەتی ئیتر ئەبووجەهل بۆ ئەم شەڕە دائەمەزرێنی؟! بەڵام بە قسەی بەنی زوهرەیان نەکرد و ئەوان گەڕانەوە دواییش قورەیش هەر ئەیانوت: خۆزگە بە قسەی بەنی زوهرەمان بکردایێ چۆنکە حەفتا لە گەورە پیاوەکانیان هەمووی کوژران لە زیمنیشیانا سەرۆکی ئەرکانی جەیشیان کە ئەبوجەهل بوو! ئینجا خوای گەورە هەندێک شتی ترتان بۆ ئەسەلمێنێت:

لەوانە «إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ»؛ ئێوە هاناتان بۆ خوای پەروەردگار هێنا، «فَاسْتَجَابَ لَكُمْ»هەر کە ئێوە هاوارتان بۆ خوای گەورە برد یەکسەر ئێستیجابەی کرد. ئەبوو جەهل لەو بەرۆ وتی: خوایە ئێمە کاممان لە سەر حەقین ئەوەمان سەر بخە! دەی خۆ ئەو سەر ناکەوێت کە لە سەر باتڵە، بە ئەقڵی خۆی وا ئەزانێت لە سەر حەقە! بۆیە خوای پەروەردگار ئیماندارانی سەر خست. ئەمەیش نیعمەتێکی ترە کە بەو خێراییە یەکسەر ئێستیجابەی بۆتان بوو دوعاکەی لێ قبووڵ کردن.

ئینجا دیسان مەدەدی ترتان بۆ ئەنێرێت؛ ئەفەرموێ: «أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلآئِكَةِ مُرْدِفِينَ»؛ هەزار مەلائیکەتیشتان بۆ ئەنێرم یەک بە دوای یەکا، بە ریز دێنە پێشەوە؛ «مُرْدِفِينَ»: کۆمەڵ بە کۆمەڵ بە دوای یەکا دێن! ئەوانە مەلائیکەتیشن بە تەئکید وەختێک شمشێر ئەوەشێنن یا تیر ئەهاون هەدەف ئەپێکن جا ئەوانە مەعسیەتی خوای

گەورەیان نەکردووە، بەرانبەرەکە نایشزانێت تیرەکەی لە کوێوە بۆ دێت و لە ئایەت و حەدیسیشا سەلمێنراوە کە مەلائیکەتەکان هاتبوونە خوارەوە بەشداری شەڕەکەیان کردووە! ئا ئەم حەقیقەتە گەردوونیانە، ئەم راستیانەیە کە پێویستە بە بنەمای عەقیدە وەری بگرین و یەقینمان ببێ پێیان. من پێم سەیرە ئەو کەسانەی کە قورئان ئەخوێنن ئەمانەیان لا نابێتە حەقائیق! تۆ قورئان ئەخوێنی بۆ ئەوە نایخوێنی کە ئەمە کەلامی خوای پەروەردگارە؟ بۆ ئەوە نایخوێنی کە تۆ پەروەردە بکات؟ یان هەر ئەتەوێت مەنفەعی و پڕاگماتیزم خێرەکەت دەس بکەوێت؟! ئەی ناتەوێت رێڕەوی ژیانیشت بگۆڕێ؟ ئەم قورئانە بۆ ئەوە نەهاتووە بەرنامەی ژیانی تۆ بێت؟ تۆ چۆن ئەیکەی بە بەرنامەی ژیانی خۆت، تۆ چۆن ئەمە ئەبێت بە ئاڕاستەوانی ژیانت ئەگەر ئاوا لەگەڵ ئەم حەقیقەتە قورئانیانەیا وەکوو سەحابیە بەڕێزەکان رەفتار نەکەی؟ ئەبێ لەمانە دڵنیا بیت. خوای پەروەردگار ئیرادەی چۆن

بووەو چۆن ئەم بەدرەی هێناوەتە پێشۆ هەتا رۆژی قیامەت هەر وایە. دەی خۆ خوای گەورە ئەیتوانی حادیسەکە جۆرێکی تر بخولقێنێت؛ بۆ نموونە ئیرادەی لە سەر ئەوە بووایێ کە کاروانێکی کافران لێرەوە دێت و زەخیرەی پێیە و لەم لایشۆ کۆمەڵێک موسوڵمانی داماو و رەش و رووتن و هەشتا و سێ کەسیان هەر لە ئەهلی مەککەن کە هەموو ماڵیان زەوت کراوەو مافی خۆیانە بێنە سەر ئەم کاروانە کە چل کەسن؛ هەر موسوڵمانێ یەکێکیان بکوژن و سەروەت و سامانەکەیش ببەنەوە بۆ خۆیان کە هەر مافی خۆیانە، لە جیاتی ئەو ماڵە موسادەرە کراوە بێن ئەم ماڵانە وەر گرنەوە؛ ١٨٣ کەسی تریش لە خەزرەج بوون و ٦١ کەسیش لە ئەوس و ئەمانە هەموو لە خزمەتی پێغەمبەری خوایا - علیه الصلاة والسلام- هاتوون بۆ یارمەتی دانی موسوڵمانان! ئەمەیش ئەشیا ببێت بە رووداوێکی تاریخی کە کۆمەڵێک کەسی چەکداری ئیماندار رۆیشتنە سەر کۆمەڵێک کافری چەکدار کە لەگەڵ کاروانا بوون و

کوشتیانن یان هەندێکیان کوشتن و هەندێکیشیان بریندار بوون یا رایان کرد و کاروانەکە بە دەستیان هات و سەلامەت دەرچوون؛ ئەمەیش ئەبوو بە رووداوێکی تری تاریخی، بەڵام ئەمە بەدرە! ئایا ئەم رووداوە کاریگەری نەفسی وەکوو کاریگەری بەدر ئەبوو؟! کاریگەری نەفسی لە موسوڵمانەکان وسەحابیەکان ئینجا تەئسیری لە جوولەکەکان و فیرەقی تر لە جەماعات و ئەهلی شێرک! ئینجا تەئسیری لە سەر قورەیش و تەعزیە باری و شیوەن گێڕانی قورەیش! ئینجا ئەو هەیبەت و سامە کە بۆ پێغەمبەری خوا – علیه الصلاة والسلام- دروست بووە؛ موسوڵمانان بوون بۆ ئوممەت، بوون بە دەوڵەت، بوون بە خاوەنی هێز، بوون بە خاوەنی سوڵتان، بوون بە خاوەنی ئیرادەی قیتال! ئیرادەی قیتال غەیری شەڕکردنەکەیە، بریتیە لەوەی تۆ بڕیار ئەدەی کەی شەڕ ئەکەی بڕیاریش ئەدەی کەی ئەیوەستێنی. ئینجا پێغەمبەری خوا – علیه الصلاة والسلام- لە مەدینە بوو بە خاوەن قووەت و

نوفووز؛ خۆی دەسەڵاتدارە! لووتکەی دەسەڵاتەکەیە؛ هەم وەکوو پێغەمبەر هەم وەکوو دەسەڵاتدارێکی سیاسی پاشان ئەبینین ئوممەتێکی عەقایدی پەروەردە کردووە، دەوڵەتێکی بینا کردووە، ئاڕاستەی کۆمەڵگەیێک ئەکات، پەیمانی لەگەڵ هەموو خاوەن هێزەکانی دەور و بەر بەستووە، ئێستا بووە بە خاوەن قووەتێکی عەسکەری کە هیچ کەسێک ناتوانێت مونافەسەی بکاتەوە، هیچ کەسێک ناتوانێت مواجەهەی بکاەوە! ئەو زەمانە کە ئەم ٣١٤ یان ٣١٧ کەسە چوون بۆ غەزای بەدر هەموو موسوڵمانانی چەکدار ١٥٠٠ پیاو بوون، قوڕەیش ئەیتوانی لەوە زیاتر کۆ کاتۆ بەڵام سەیری کەن چۆن کاریگەری دیدە عەقایدیەکە لەم سەحابیە بەڕێزانەیا هەیە. ئەم یارمەتی و مەدەد و ئیستیجابەی دوعا هەمووی مەعییەتی خوای گەورەیە بۆ ئەوان: « وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللّهِ ». دڵتان بەمە خۆش بکەن ئەوە ڕێساییێکە، قاعیدەییێکە تا ڕۆژی قیامەت هەر وایە، سەرکەوتن بەس لە لایەن خوای

پەروەردگارەوەیە. چاوتان وا نەترسێت بڵێن ئەوانە تفاقیان زۆرە سەر ئەکەون، بەخوا ئەوان ژمارەیان زۆرترە شکستیان پێ دێنن، ئەوان خواردنیان زۆر پێیە سەرکەوتوون؛ ئەوان سەر ناکەون، سەرکەوتن بۆ خوای پەروەردگارە، سەرکەوتنیش نایێتە خوارەوە ئیللا بۆ ئەهلی ئیمان نەبێت لە بەر ئەوە ئێوە پێویستە ئیماندار بن خوای پەروەردگار تەماشای دڵتان ئەکات نەک دەستان، رمی بە قووەتتان پێیە، کڵاشینکۆفتان پێیە یان قەناس یان مەدفەع و هەر شتێکی تر! خوای گەورە سەیری دڵ و دەروونتان ئەکات کە چەن بۆ خوا سوڵحاون و راست ئەکەن لەگەڵ خوای گەورە؟ خوای گەورە ئەو مەلائیکەتانەی هەر وا ماون! جوبرەئیل لە پێغەمبەری خوای – علیه الصلاة والسلام- پرسی: ئێوە ئەهلی بەدر چۆن ئەبینن لە لای خۆتانەوە؟ فەرمووی: خەڵکە باشەکەی ئێمەن! جوبرەئیلیش فەرمووی: دە وەڵڵاهی ئێمەیش ئەو مەلائیکەتانەی کە بەشداری غەزای بەدریان کردووە بە

باشترین مەلائیکەتیان ئەزانین! حەدیسی سەحیحیشە کە ئەو مەلائیکەتانەی بەرپرسن لە سەرخستنی ئینسانی موسوڵمان تا رۆژی قیامەت ئەوە وەزیفەیانە! کەوا بوو ناشێ وا بزانی ئەمە بەس لە بەدرەو تەواو! لای تۆیشە، لە کوردستانەکەی تۆیشایە بە شەرتێک تۆ بۆ خوا سوڵحابی و راست کەیت و بۆ دینەکەی ئەو لێبڕابیت و تەوحید و جیهادەکەت راست و موستەقیمانە وەرگرتبێت.

پاشان سەیری کۆمەڵێک خاڵی تر ئەکەینەوە هەر لەم بابەتە؛ سەیر ئەکەین لە سەرەتاوە بەم سەحابیە بەڕێزانە ئەفەرموێت کاروانەکە لە دەستان دەرچوو؛ کە وا بوو ئۆپشێنەکان نەمان، ئیتر ئیختیاریان نەما کە بڵێت: یان کاروانەکە یان شەڕ لە گەڵ لەشکرەکە! کاروانەکە دەرچوو، ئیتر هیچ ئیختیارێکتان نەماوە ئیللا ئەوە نەبێت ورەتان بەرز بێت و رووبەڕوو ببنەوە، ئێوە کە ئێستا سەرکەوتن بە دەست دێنن ئەبێ بڕۆن هەنگاوەکان

هەڵبێننەوە، هەنگاو لە دوای ئەوەی بوون بە ئوممەت و دەوڵەت ئەبێ ببن بە خاوەنی هێز و سوڵتان و ئینجا ئیرادەی شەڕکردنەکەتان تێدا دروست ببێت. ئێوە

ئیرادەی ئیدارە و قیتالەکە بەن بە ڕێوە، ئیرادەی قیتالەکە بسەلمێنن.

بچینەوە سەر ئایەتی حەوتی سوورەتی ئەنفال؛ خوای گەورە فەرمووی: « وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ الشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ وَيُرِيدُ اللّهُ أَن يُحِقَّ الحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَيَقْطَعَ دَابِرَ الْكَافِرِينَ»؛ ئەوەی ئێوە مەبەستانە و ئەتانەوێت شتێکی دونیایی لەگەڵ تێکەڵ بووە، خوای پەروەردگار ئەوەی ناوێت، ئەوەیشتان بە نەسیب ئەکات و مەحرووومتان ناکات لێی بەڵام سەرەتا ئەوەیە کە ئەبێ ئیحقاقی حەق بکرێت؛ دینە کە مەنهەجی دانراوی خوای پەروەردگارە پێویستە ئاوا ڕۆشن و وازح هەموو کەس بیبینێت خوێنەوار و نەخوێنەوار، دۆست و دوژمن هەمووی ئاوا بیبینێت بە

دەستمانەوە. ئەمە هەر بۆ ئەو سەردەمە نییە، بۆ ئێمەیشە؛ ئێمەیش پێویستە بڵێین: ئەمانەوێت ئەم کوردستانە بکەینەوە بە دارولئیسلام، ئەو تاغووتانە لا بەین، خەڵکەکە ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی کەسێکی شیاو بە موواسەفاتێک کە وەکوو هەر سەرۆکێکی تر لە عالەما دڵسۆزی ئەنوێنێت لەم سەردەمەیا، پاشان ئەو جاهیلیەتەی بڵاویان کردووەتەوە، ئەو هەموو کوفر و فەسادە رێگەی لێ بگرین و بیکەینۆ بە تەقوا و دینداری بۆ ئەوەی خوای گەورە یارمەتیدەرمان بێت، مزگەوتەکانمان ئاوەدان کەینەوە لە جیاتی ئەوەی ببن بە مەقەڕڕی حیزبی یان بە شوێنی سیخوڕی و کامێرەیان لێ دابنرێت بۆ ئاسایشەکان! بیکەینۆ بە شوێنی عیبادەت و شەو نوێژ و خواناسی و خواپەرستی و مەرکەزی کۆمەڵایەتی موسوڵمانان و کاریگەریەتی خۆی لە سەر کۆمەڵ و لە سەر دەوڵەت دروست بکاتەوە.

خوای گەورە لە دوای باس کردنی سەر خستنی حەقق و یارمەتی دانی موئمینان بە مەلائیکە ئەفەرموێ: «وَمَا جَعَلَهُ اللّٰهُ إِلاَّ بُشْرَى»؛ ئەوانەی کە خوای پەروەردگار بۆی هێناونەتەوە هەر موژدەیە و بە ئێوەی ئەدات کە دڵنیا بن لەوەی خوای پەروەردگار وەرتان ئەگرێت، ئێوە بۆ خوا سوڵحاون، یاوەری پێغەمبەری عەزیزن - صلّى اللّٰه عليه وسلّم-، هاتوونەتە دەرەوە، بەڵام خوای گەورە ئەمەی کردووە بە نسیبتان و هەر قەدەر و بڕیاری ئەویشە کە ئێوە سەر ئەخات بە سەریانا و لێیشی دڵنیا بن: «وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِ قُلُوبُكُمْ»؛ بۆ ئەوەی ورەتان بەرز بێت، ئاسوودە بن لە ناختانا. جا باسی ورەو ئیسراحەت و خەو لە کاتی شەڕدا کەس هەستی پێ ناکات ئەگەر عەسکەری نەکردبێت یان لە جەیش و شەڕا نەبووبێت، لە شەڕا خەوت لێ ناکەوێ، ئەعسابت ماندووە بەڵام تۆ کە وەنەوز ئەبەیتۆ و خەوت لێ ئەکەوێت ئەوە خۆی دەلیلی بەرزی ورەتە! لە زیندانا، لە کاتی ئەشکەنجەیا، لە کاتی بردنتا بۆ تەحقیق، لەو

کاتانەیا هەست بەم شتانە ئەکەی وخەوت لێ ناکەوێت؛ جینگڵە ئەدەیت و بەم دیواو دیوا هەڵ ئەسووڕێی! بەڵام ئەوەی ئیمانی موتمەئیننە، ئەوەی خوای گەورە ئەم نیعمەتەی پێ ئەبەخشێت سەر ئەکاتە سەر سەرینەکەی و نەختێکی پێ ئەچێت و خەوی لێ ئەکەوێت ئەو وەنەوز دانەیش ئیسراحەتێکە بە هەموو جەستەی و بە ئیرادەی.

پاشان ئەفەرموێت: « إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلآئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ»: خوای پەروەردگارت وەحیی ناردووە بۆ مەلائیکەتەکان کە من وەل ئێوەدام ئێوەیش موسوڵمانان جێ پێ قایم کەن، ورەیان بەرز کەنۆ، پشتیان بگرن، پشتیوانییان لێ بکەن، ئینجا ئەمریشیان پێ ئەکات: « فَاضْرِبُواْ فَوْقَ الأَعْنَاقِ وَاضْرِبُواْ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ»: لە گەردنی دوژمنەکانیان بدەن و هەروەها پەنجەیان بپەڕێنن، ئیتر شمشێریان پێ ناگیرێت، تیریان پێ ناگیرێت تۆ هەر یەک پەنجەت نەمێنێ بزانە چەن کاریگەری لە سەرت

هەیە؟ ئەم موژدانە خوای پەروەردگار بەردەوام دای بەم سەحابیە بەڕێزانە واقیعەکەیشی هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵیانا هێنایە پێشەوە یەعنی مەشهەدەکەی بۆ دروست ئەکردن؛ ئەمە دیمەنەکەیە: لێرەوە پێغەمبەری خوا - علیە الصلاة والسلام-دانیشتووە بەردەوام دوعا ئەکات: ئەی خوای پەروەردگار ئەم کۆمەڵە موسوڵمانە ئەگەر بفەوتێن ئیتر تۆ ناپەرسترێیت، خوایە وەعدەکەی کە پێت داوم سەرکەوتنەکە مسۆگەر کە! عەباکەی کەوتە خوارەوە ئەبوبەکری سددیق - ڕەزای خوای لێ بێت- عەباکەی بۆ هەڵگرتەوە و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا! وەڵڵاهی خوای گەورە خوزلانت بە سەرا ناهێنێت، خوای گەورە وەلت ناکات هەر ئاوا بە جێت بێڵێت و وازت لێ بهێنێت، خوای گەورە سەرکەوتنەکەت پێ ئەبەخشێت، بەسیەتی ئەوەندە پاڕانەوە، بەسیەتی ئەوەندە زەخت ئەکەیتە سەر خۆت! ئەوە پێغەمبەری خوا -علیە الصلاة والسلام- لەو لاوە ئەپاڕێتەوە، سەحابیە بەڕێزەکان هەموویان خۆیان

ئامادە کردووە بۆ موواجەهەو ڕووبەڕوو بوونەوە ئیتر شەڕە بووە بە تووشەوە خوای گەورە وەعدی داوە، یەقینمان لە سەر وەعدەکەی خوای پەروەردگار هەیە، موژدەکەی پێغەمبەری خوا - علیه الصلاة والسلام- موژدەییێکی راستە، حەتمەن بە وەحی وەری گرتووە، ئەوان هەر چەند بە قووەت بن ناتوانن بە سەر ئێمەیا زاڵ بن کە وا بوو بیسمیللای لێ بکەین و خۆمان ئامادە بکەین. لەو کاتەیا یەکێک دێت بە جاسووسی لە پشت گردەکەوە تەماشای سەحابیەکان ئەکات ئەڵێ بزانم وەزعیان چۆنە کە ئەگەڕێتەوە ئەڵێن چۆن ئەیانبینی؟ ئەڵێ: «یتلمظون تلمظ الأفاعی»؛ ئەڵێ: بەخوا قەسەم وەک مار زمانیان ئاوا دەر ئەکێشن و خۆیان حازر کردووە بۆ پەلامار دان! یەعنی ئەوەندە ئیستیعدادی شەڕیان هەیە، ئەوەندە یەقینیان هەیە، موسوڵمان ئاوا ئەچێتە جەنگی کافرانەوە، بۆیە کافر خۆی بەرانبەری ناگرێت، ئادەی بزانین ترامپ و ئەورووپا زەمەنی ئیستێعماریەکە تیکرار ئەکەنەوە دوای ئەوە کە

ئوممەتەکە گەڕاوەتەوە بۆ تەوحید و جیهادەکەی؟ بۆ هەموو ئاگر و ئاسن و بارووتی دونیا ئێستا نارژێت بە سەر ئەهلی سووریایا؟! ئەو جوامێرە بە شەرەفانەی دیفاع لە خۆیان و ماڵ و منالٌیان ئەکەن، لە کەڕامەتیان، لە وجوودیان، لە خاک و ئەرزیان. مەگە هەموو دونیا دژایەتی ئیسلامەتیەکە ناکات؟ ئەی موسوڵمانەکان بۆ ئەوەندە ورەیان بەرزە؟ لە بەر ئەو ئایەتانەو ئەو موژدانە کە باسمان کردن. ئەم دینە سیحری نیە تاوەکوو خوای گەورە بە سیحری سەری بخات ئەم دینە ڕەنجی ئێوەی ئەوێت، ڕەنجی ئەم موسوڵمانانەی ئەوێت، خوای گەورە ئەفەرموێت: « هُوَ الَّذِيَ أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ» [الأنفال: ٦٢]؛ ئەی موحەممەد - علیه الصلاة والسلام- ئەوە خوای پەروەردگارە کە تۆی سەر خستووە بە فەزڵی خۆی، بە دانایی خۆی، بە زانایی خۆی، بە هێز و دەسەڵاتی خۆی بەڵام بە موسوڵمانانیش، موسوڵمانان ئەداتی سەرخستنی دینەکەن لەگەڵ پێغەمبەری خوایا - علیه الصلاة والسلام-.

ئەو دەرسەی کە ئێمە ئێستا لێرەوە وەری ئەگرین ئەوەیە کە «نَصْر» واتە سەرکەوتن لە قورئاندا بە شێوازی حەسر هاتووە؛ واتە تەنیا لە لایەن خوای پەروەردگارەوەیە؛ خوای گەورە ئەفەرموێت:« وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللّهِ»؛ « مَا... إِلاَّ» یەعنی«إنَّما»؛ واتە: «إنّما النّصر من اللّه»: سەرکەوتن تەنها لە لایەن خوای پەروەردگارەوە ئەبێت و هیچ جۆرە سەرکەوتنێکیش نابێت بە بێ خوای پەروەردگار؛ کەوابوو نە بەو هێزەی کە لە دەستمانایە، نە بەو سەروەت و سامانەی کە هەمانە، نە بەو ئەسپ و کڵاشینکۆف و نە بەو ئەسڵەحانەی تر و بەو سەیارانەی کە هەمانن بەڵکوو هەمووی ئەگەڕێتەوە بۆ سەر دەرەجەی ئیمان و تەقوا کاری و بە خوا پەیوەست بوونەوە، ئەو دڵ و دەروونانە چەند بۆ خوا جۆشاون، چۆن رەفتار ئەکەنەوە لەگەڵ خوای پەروەردگارا پاشان دڵنیا بین لەوەی کە ئەو رووبەڕوو بوونانەی ئەهلی ئیمان و ئەهلی کوفر وەکوو ئەم بەدرە ئەوە هەمووی لە لایەن خوای پەروەردگارۆ ئیدارە ئەکرێت،

کارگێڕیەکەی بە دەس خوای پەروەردگارە و بە ئەمری ئەوە و بە مەشیئەتی ئەوە. ئینجا ئەبینین هەر لە سەرەتاوە خوای گەورە ئەفەرموێت: « كَمَا أَخْرَجَكَ رَبُّكَ مِن بَيْتِكَ»؛ ئەوە یەکەم ئیرادەی خوای پەروەردگارە چۆنکە فاعیلی حەقیقی فیعلی «أَخْرَجَ» خوای گەورەیە. «أَخْرَجَ» فیعلی مازی مەبنی لە سەر فەتحە، فاعیل زەمیر موستەتیرە کە تەقدیرەکەی «هُوَ»یەو ئەگەڕێتەوە بۆ خوای بێهاوتا. پاشان: «وَإِنَّ فَرِيقاً مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ لَكَارِهُونَ»؛ هەندێک لە ئیماندااران پێیان خۆش نیە تووشی شەڕ و کێشەکە ببن، بەڵام خوای پەروەردگار ئەوەیش رەچاو ئەکات و بێ خەمیشیان ئەکاتەوە لەوەی کە ئەگەر چی «كَارِه»یش بن بەڵام وەرن وخەمتان نەبێت سەرکەوتنەکەتان دەس ئەکەوێت: « وَكَانَ حَقّاً عَلَيْنَا نَصْرُ الْمُؤْمِنِينَ» [الرّوم: ٤٧]؛ ئاخرحەققە لە سەر ئێمە کە موسوڵمانان سەر بخەین! کە وا بوو ئەی موسوڵمانینە خوای پەروەردگار کردوویەتی بە ماف بە سەر خۆیەوە، سەرتان ئەخات بەس ئێوە بسوڵحێن

بۆ خوای پەروەردگار و ڕاست بکەن لەگەڵ خوای گەورەیا.

پاشان کە باسی ئیمدادی مەلائیکە ئەکات ئەوەمان بۆ دەر ئەکەوێت کە ئەمانە حەقیقەتی گەردوونین، حەقیقەتی وجوودن، ئەبێ ئینسانی موسوڵمان باش ڕەفتار بکا لەگەڵیانا، بە یەقینەوە ڕەفتار کا لەگەڵیانا فریشتەی ناردووەتە خوارەوە کە جەنگەکە بکەن و یارمەتی ئەو موسوڵمانانە بدەن، عەددەدە نوقسانەکەیان پڕ کەنەوە، ئەوان هەزارن، دەی ئەوە هەزار مەلائیکەت لە بەرانبەریان ئەوەستێتەوە! کەوابوو ئێوە بەس ئەوەندەیە ئەداتی قەدەری خوای گەورەن و دیمەنەکە ئەهێننە پێشەوە ،خوای گەورە سەرکەوتنەکە ئەهێنێتە خوارەوە بۆ ئێوە بەڵام فریشتەکانیشی ناردووە بۆ ئەوەی سەرتان بخات. خەوەکەیش نیعمەتێکی ترە کە خوای گەورە بە موسوڵمانی ئەبەخشێت؛ تۆ لەو کاتانەیا ئەوندە دەروونت ئاسوودەیە

خەوت لێ ئەکەوێت، وەنەوز دات ئەگرێت، جەستەت ئیسراحەت ئەکات و ورەت بەرز ئەبێتەوە و بێ خەم ئەبیت لەوەی کە سەرکەوتنەکە دێت. باران و ئاوەکەیش بۆ چوار مەبەست بوو کە باسمان کرد. ئێمەی موسوڵمان ئەبێت یەقینمان لە سەر ئەوە هەبێت کە ئەم فەرمانەی خوای پەروەردگار کە ئەچێت بۆ فریشتەکان دائیمیە، هەموو وەختێک خوای گەورە ئەینێرێت بۆ سەرخستنی موسوڵمانان وەکوو لە دەقی ترا هاتووە. پاشان ئەفەرموێ: «سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرَّعْبَ»؛ سینی «سَأُلْقِي» بۆ موستەقبلەو فیعلەکەیش فیعلی موزاریعە؛ واتە بەردەوام خوای گەورە ئەم ترسە ئەخاتە دڵ و دەروونی دوژمنانەوە. موقابەلەی یەکێکیان کرد لە فەرماندە سەربازیەکانی ئەمریکا لە دیالە کاتێک کە هوجوومیان هێنابوو، ئەو کاتە ئەبوو موسعەبی زەرقاوی مابوو - ڕەحمەتی خوای لێ بێت-؛ پێیان وتن: ئێوە کە هوجووم ئەکەنە سەر جەبهەکان پێشتر خەبەرتان پێ ئەگات کە ئەمانە کێن؟ وتی: نا!

خەبەرمان پێ نەگات بەس ئێمە ئەزانین ئەوە قاعیدە و هاو شێوەکانی قاعیدەن چونکە ئەو جەبهانە قورسترن، ئەو کەسانە را ناکەن، شەڕ ئەکەن بەردەوامن هەتا ئەو کاتەی ئەکوژرێن لە بەر ئەوە عادەتەن ئەوان ئینسیحاب ناکەن، ئێمەیش ئەزانین ئەوانە شەڕی عەقایدی خۆیان ئەکەن! بۆیە ئەو کەسانەی لە جەنگا بەرانبەر بە موسوڵمانان وەستاونەتەوە ئەزانن ئەوانە شەڕی عەقایدی ئەکەن، تالیبانێکی نەخوێنەوار بوو بەرانبەر رووس وەستابوویەوە، رووس جەیشی سوورەکەی لە زەمانی ترۆتسکیەوە دروست ببوو، لە ساڵی ١٩١٧ەوە تەدریبات ئەکات! هەر یەکێک لە کۆماندۆسەکانی ترۆتسکی دوو مەتر درێژ بوو، بە قەدەر دوکتۆرێک ئیسعافات ئەووەلی ئەزانی، کاراتی ئەکرد هەموو سیلاحەکانی بە کار ئەهێنا! ئێ پیاوێکی موسوڵمان کە ناوی مۆختار بوو خەڵکی سعودیە بوو شەش لەوانەی کوشت بە سیلاحی بی کەی سی! ئاگایان لە خۆیان نەبوو لە شوێنێکا مۆختار شەشی

لێ کوشتن! موختار خۆی لەوانەیە ئیحتیماڵەن ٦٠ کیلۆ تا ٦٥ کیلۆ بووبێت، کابرایێکی ئاوا بچووک! ئەمە لە بەر ئەوەیە خوای پەروەدگار ئەفەرموێت: « وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ رَمَى»! تۆ جاری وا هەیە خۆ جاسووسیشت لێ کردووە بەڵام بەری ناکەوێت! هەر وەکوو چۆن پارەیێکت تەرخان کردووە بۆ فڵان شت ئەڕۆیت و بە نەسیبی کابرا نابێت، تەکسییێک چاوت لێیە رای ئەگریت و سەیریشت ئەکات و راناوەستێت، چۆنکە پارەکەت رزقی ئەو نیە! هەموو شتێک لە گەردوونا بە قەدەری خوای پەروەردگار ئەڕوا، بە تایبەتی ئەم وجوودانەمان؛ وجوودی خۆمان، وجوودی حەرەکیمان، وجودی موواجەهەو رووبەڕوو بوونەوەمان. ئینجا پرسیار ئەوەیە کە بۆچی خوای پەروەردگار ئەو زەلیلیە بە سەر کافرەکاندا دێنێت؟ « ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ شَاقُّوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَمَن يُشَاقِقِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ»؛ چۆنکە بەرانبەری خوای پەروەردگار وەستاونەتەوە، بەرانبەر بە پێغەمبەرەکەی وەستاونەتەوە،

بەرانبەر بە بانگەواز و وەحیەکەو موسوڵمانان وەستاونەتەوە، بۆیە حەتمەن خوای گەورە تێکیان ئەشکێنێت. بۆیە ئێوەیش ئێستا چاوتان لەوە نەبێت پارتی و یەکیەتی زۆر بە قووەتن و جەبهەیێکە و پشتیان بە ئەمریکاوە بەستووە، ئێمە پشتمان بە خوای واحید و ئەحەدەوە بەستووە؛ پشتی ئێمە بە قووەتتر و بە هێزترە؛ ئەوانەیش رۆژێک هەر عوقووبەکە ئەچێژن، ئەوانە کەوتوونەتە بەرەیێکی دژ بە بەرەی دینی خوای پەروەردگار کە هەموو رۆژێک مزگەوتێک دا ئەخرێت، ئەو هەموو بێ دینیە بڵاو ئەکرێتەوە، هەموو رۆژێک کوفرێکی بەواحە ئەیکەن بە قانوون و ئەیدەن بە مەحکەمەکان بە سەر خەڵکا تەتبیقی بکەن. بۆیە ئامۆژگاری من ئەوەیە ورەتان بەرز بێت وبڕواتان بە خوای پەروەردگار بێت.

ئێمە پشتمان بە خوای واحید و ئەحەدەوە بە
ستووە؛ پشتی ئێمە بە قووەتتر و بەهێزترە؛
ئەوانەیش رۆژێک هەر عوقووبەکە ئەچێژن،
ئەوانە کەوتوونەتە بەرەییێکی دژ بە بەرەی
دینی خوای پەروەردگار کە هەموو رۆژێک
مزگەوتێک دا ئەخرێت، ئەو هەموو بێدینیە
بڵاو ئەکرێتەوە، هەموو رۆژێک کوفرێکی بە
واحە ئەیکەن بە قانوون و ئەیدەن بە مە
حکەمەکان بە سەر خەڵکا تەتبیقی بکەن.

ماموستا کرێکار